? Kurdistan Net
Signature Not Verified
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: cn=Kurdistan Net, o=www.kurdistannet.org, c=NL
Date: 2002.07.10 21:54:11 +01'00'

www.kurdistannet.org
10-7-2002 22:50

# گولاوی پرسیار..!؟

**جەمال عوسمان**
jamalgar@yahoo.com

**ئەمە شوێنی هاتوو چۆی تۆیە،**
**ئێستا بۆنی دووریتی لێد ێ...**
**ئەمەش نیگای منە،**
**وورده بەردەکانی ڕێگا دەید زن.**
**نازانم، بۆ دەبێ ڕاوی ڕوخسارت بنێم،**
**لە خەیاڵا..،**
**لە خەونا..،**
**لە یاد ا..،**
**نازانم، بۆ زه مەن بوار ناد ا**
**دەستی نیگام لە حەوزی ئامادە بوونتا تەڕ ببێ ؟**
**نازانم، بۆ شوێن بوار نادا**
**پە نجەکانم لەنێو پرچتد ا هەناسە هەڵبکێشن ؟**
**ئەمەیە بەشی من ؟!**
**ئەمەیە بەشی ئێمە ؟!**
**شانی ژیان و تابوتی خەونەکا نمان ؟**
**ئینجانەی تەمەن و نەمامی هەڵکڕوزاوی ساتەکان ؟**
**ڕووباری پڕ هاژەی پەیڤ و کەناری بێباکی فەرامۆشی ؟**
**ئەمەیە بەشی من ؟!**
**ئەمەیە بەشی ئێمە ؟!**